# کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەڵ

## 2- نووسینی هەنووکەی کوردی بێ سامە(بێ شکۆیە) :

### نووسین و خوێنەری گەندەڵ

**ئازاد حەمە**



ئەم بەشە ( واتە نووسینی هەنووکەی کوردی بێ سامە – بێ شکۆیە-) تاڕادەێ لەو بەشەی دواتر کاریلەسەر دەکەین (واتە بەفریشتەکردنی نووسەر, کە ژمارەی چوارەمی ئەم زنجیرە نووسینە پێکدێنێ) جیایە. مەبەستمان لەوەی ئەم دوو بەشە لێکدی جیان ئەوەیە کە هەریەک لەم دوو بەشە مەبەستی خۆی هەیە دەخوازێ بیگەێنێ و ئامانجی تایبەتی خۆشی هەیە نیازمەندە بیێکێ. بۆیە ناسنامەی هەریەک لەو دوو بەشە لەیەک شوێن یەکناگرنەوە و هەمان ماناش بەرهەمناهێنن. هۆی ئەوەش زۆر بە کوررتی ئەوەیە, ئەم بەشەی ئێستا (واتە نووسینی هەنووکەی کوردی بێ سامە) دۆکترینێکی (باوەڕێکی) لەخۆیاڕاحەشارداوە پووختەی ئەم دۆکترین (باوەڕ) ەش بەمشێوەیە : نووسینی کوردی بێ سامە (یان بێ شکۆ و بێ هەیبەتە). ئەمە کە دواتر ڕووندەکرێتەوە لە دۆکترینی نووسینی پاشتر(واتە ""بەفریشتەکردنی نووسەر"") جیایە چونکە لەژێر سایەی نووسینی( نووسینی هەنووکەی کوردی بێ سامە) دەمانەوێ ئەوە ڕاقەکەین  چۆن دۆزی گەندەڵاوی کۆمەڵگەی تازەی کوردی دۆزی نووسین و خوێنەری تێکداوە. بەمشێوەیەبێ ئەم بەشە باس لە نووسینی گەندەڵ و خوێنەری گەندەڵ دەکا. هۆیئەوەش ئێمە بەمجۆرە تەماشای ئاستی نووسینی تازەی کوردی دەکەین بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە نووسینی گەندەڵ و خوێنەری گەندەڵ وایانکردووە ئەم ڕووداوە (ڕووداوی بێ سامبوونی نووسین) ڕووبدا. بەلام هەرچی بەشی دواترە (بەفریشتەکردنی نووسەر, واتە زنجیرە نووسینی چوارەم) کار بۆ ڕاڤەکردنی ڕووداوێ تر دەکا کە ئەوەش بریتیە لە گرفتی ""بەفریشتە کردنی"" نووسەر. واتە لەژێرسایەی بەشی دواتردا کاتیگۆری نووسەر ( ئەلبەتە نووسەری گەندەڵ) زۆرتر سەرنجی دەخرێتەسەر وەک لە کاتیگۆری خوێنەر( خوێنەری گەندەڵ) کە لەم بەشەی ئێستا تێڕامانی لەبارەوە دەکرێ..

ئێمە وایبۆدەچین ئەم دۆکترینەی لەم بەشەدا کاری لەسەردەکرێ, واتە ئەوەی"" نووسینی کوردی سامدار نییە"" یان بێ شکۆیە, داهێنانێ ئەوتۆی تیانیە بەلام هێزی ئەم دۆکترینە لەوەدایە ئەوی لە خەیالی زۆربەدا سەبارەت بە نووسینی کوردی دەخولێتەوە نەکراوە لەم گوزارەیە یان ووتنەدا داڕێژرێ. ئەگەرنا زۆربەی قەلەمبەدەست و نووسەرانی کورد لەوە بەئاگان نووسینی کوردی لاواز و سەرپێی و ناقوولە. بەلام ئەمانە ئاوەلناوە سەرەکیەکە نین بەلکو ئەو ئاوەلناوە سەرەکیەی دەشێ بدرێتە پال نووسینی کوردی ئەوەیە کە نووسینی کوردی بێ سام و بێ شکۆیە. بابزانین مەبەست لە بێ سامی نووسین چییە؟ و بۆش نووسین بێ سام دەبێ؟ هەروەها چۆن نووسین دەشێ سامدار بێ؟

مەبەست لە بێ سامی نووسین ئەوەیە نووسین نەکارێ, لەتوانایانەبێ, شتی ناخی خەلک(خوێنەرانی ئەو نووسینە) بگۆڕێ. هۆی بنەڕەتی ئەوەش نووسین ناکارێ ئەمە بکا بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە خودی پرۆسەی نووسین سامی خۆی لەدەستداوە و شکۆداری نەماوە. واتە ئەو دەمەی نووسین ئەو شیاوییەی تیانییە شتی ناخی کەسەکان (خوێنەران)  بگۆڕێ نووسین هیچ مانایێکی بۆ گۆڕینی هەلس و کەوت و ڕەفتاری ڕۆژانەی تاکی کۆمەل و بڕیارە

سیاسی و کۆمەلایەتیەکان نابێ.لێرە مەبەست لە هەلسوکەوت و ڕەفتار هەلسەوکەوت و ڕەفتاری ڕۆژانەی تاکی کۆمەلە جا ئەم تاکە هونەرمەندێ بێ یان کەبابچیێ, مامۆستایەکی زاانکۆ بێ یاخود قووتابیەکی ئەم مامۆستایە و ,مەو ئەم تاکە سیاسیێ بێ یانیش خوێنەرێکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. وەکیتریش مەبەست لە بڕیار بەزۆری بڕیارە ئیندقیدوال(تاکی) و کۆلەکتیڤەکانە (دەستەجەمعیەکانە).بەلام مەبەستی سەرەکی ئێمە لێرە لە بڕیار بڕیارە سیاسی و ئابووری و یاساییەکانە, واتە ئەو بڕیارانەی بەزۆری سیاسیەکان لەپشت داڕشتنیانەوەن, وەک بوونمان یان نەبوونمان بە بەشێ لە عێراق, چۆنیەتی دابەشکردنی داهات, چارەنووسی سیاسی کەرکوک و ..هتد. بەمشێوەیە بێ نووسین کە نەتوانێ گۆڕانکار بێ , و بەشداری لە لاخستنی هەلسوکەوت و ڕەفتارە چەوت و سڕینەوەی بڕیارە سیاسیە هەلەکان نەبێ, ناتوانێ سامدار بێ. لێرە نابێ بە هەلە لە وشەی سام بگەین. چونکە وشەی سام زۆرجار بە وشەگەلێ وەک زەبر و توندی و دڕی تێکەلدەکرێ کە ئەم نووسینەی ئێمە پشتیلێدەکا. تەنانەت زۆرجار وشەی سام بە واتاهاێ میتافیزیکیش گرێدەدرێ: بۆنموونە ناوی یەزدان جۆرە سامێکی هەیە بەلام لەسەر ئەوەش وەستاوە لای کێ و کەی. بۆیە بەلامانەوە گرینگە خوێنەر لەوەبگا لەم نووسینە مەبەستمان لە بێ سامی نە زەبرێ کۆمەلایەتی یان دەروونییە و نەش تێگەیشتنێ میتافیزیکی. ئەمەو جارجارە تێگەیشتنمان لەبارەی بێ سامی نووسینی کوردی بە چەمکهاێ وەک بێ هەیبەتی و بێ شکۆیش تێکەلدەکەین و ئەمانەوێ لەڕێگای ئەوەوە ئەوە دەستنیشانکەین نووسین لەناو ئێمە حورمەتی خۆی لەدەستداوە و وەک شتێ نا – ڕێزەوەن (ناموحتەرەم)یش تەماشادەکرێ. ئاشکراشە ئەو دەمەی نووسین ئاوایلێدێ ئەوەی ئومێد بێ بە نووسین ناکرێ.

بەلام بابزانین بۆ نووسین بێ سام دەبێ؟ نووسین ئەو دەمە بێسام دەبێ کە نووسین لە بەهادەخرێ و وشە و پەیڤ وەک شمەک (کالا) تەماشادەکرێ نەک وەک بەری هزر و ئەندێشەی مرۆڤ. هەروەها ئەو دەمە نووسین بێ سام دەبێ کە نووسین نابێ بە جێیباوەڕ , بەتایبەت جێیباوەڕی خوێنەری ئەسیل , بۆیە نووسین ناچارە خۆی حورمەت بۆ وشە و پەیڤی خۆی دانێ بێ پشتبەستن بە خوێنەران. بەلام ئێمە دەبێ لەوەش حالیبین بێ سامی نووسین هەر ئەوەنیە خوێنەرانی ئەو نووسینانە لە هەیبەت و حورمەتی ئەو ووتن و پەیڤانە ناگەن کە بوونە بە کۆلەکەی ئەو نووسینانە بەلکو ئەوەشە کە نووسینەکان بەخۆشیان لە بێسامکردن و بێشکۆدارکردنی ووتن و پەیڤەکانی خۆیانا بەشدارن. مەبەستی ئێمەش لەوەی حورمەت دەبێ بۆ وشە و پەیڤ بگەڕێتەوە , کە ئەمڕۆ لە نێوەندی نووسینی کوردیا نییە, ئەوەنییە ووتن و تێکست بەپیرۆزکرێ (موقەدەسکرێ) بەلکو ئەوەیە کە دەبێ لەناو ئێمەی کورد بەتایبەت خودی نووسەران هەولدانێ لەئارادابێ تێگەیشتن لەبارەی واتای نووسین دروستکرێ کە نووسین بەری هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤە و چالاکیێ مرۆی و ڕەوشتیشە. نووسینیش وەک کردەێ یان وەک پرۆسەێ مرۆی و ڕەوشتی پێویستیێ تابلێی وجودی و ئینسانیشە. کەواتە پرسیاری یۆ نووسین بێ سام دەبێ؟ شتێک و کەسێکمان بیردەخاتەوە. شتەکە نووسینە و کەسەکەش خوێنەر. چونکە نووسین کە گەندەلدەکرێ , ئەلبەتە لەلایەن نووسەرەوە – لێرە نووسەری گەندەل مەبەستە –, ئەم بەگەندەلبوونەی نووسین خوێنەریش گەندەلدەکا یان هیچ نەبێ نووسینی گەندەل ڕۆلی لە دروستکردنی خوێنەری گەندەل دەبێ. خوێنەریش وەک تاکی کۆمەلگا کە گەندەل دەبێ زۆرترین ژێرخانی کۆمەلایەتی و دەروونی ئەو کۆمەلگەیە گەندەل دەبێ کە ئەم خوێنەرە پێوەیگرێدراوە (خێزان, دلداری, پەروەردەی منال,..هتد). چونکە نووسینی گەندەل والە خوێنەر دەکا ئەوی خوێنەر دەیخوێنێتەوە یەک تام و یەک کاردانەوەی لە ژیانیا هەبێ. ئەمیش (واتە خوێنەری گەندەل) لەبەرئەوەی توانای جیاکردنەوەی نووسینەکانی لەیەکتر نییە یان دەمێکە ئەو توانایەی لەدەستداوە نووسینێ لەویتر جیاکاتەوە و هەموو نووسینێکیش هەمان چێژ و وێنە و تێگەیشتنی لادروستدەکا بۆیە وورده وورده خوێنەر ئەرکی خوێنەری خۆی لەدەستدەدا و دەبێ بەئامرازێ گەندەلی بەردەست نووسەری گەندەل کە ئەم نووسەرە گەندەلە ئەندازیاری یەکەمی بەرهەمی نووسینی گەندەلە. ئەم لایەنانە کە پاشتر دێینەوەسەری داوامان لێدەکا لەمبەینەدا باس لە

ڕۆلی ڕۆژنامەوانی گەندەلیشکەین کە نووسینی گەندەل بلاودەکاتەوە و خوێنەری گەندەلیش لەدەوروخولی خۆیا کۆدەکاتەوە. هەموو ئەمانەش کە ڕوودەدەن بە بەرژەوەندی تاکی سیاسی گەندەل دەگەڕێتەوە. بەلام گشت ئەوی ووترا لە بارودۆخێ هزری, لە کەشوهەوایێ ڕۆشنبیری, ڕوودەدا دەشێ ناونرێ ""ئازادی ڕۆژنامەوانی"" یان ""ئازادی ڕادەربڕین"". ئێمە کە تائەوپەڕی لەگەل ئازادی ڕۆژنامەوانی یان ڕادەربڕین یان گشت فۆڕمەکانی ئازادیێداین دژی ئەوەین ئازادی بێ شکۆکرێ و هەروەها ئازادی سام و بەهای خۆی لەدەستدا.بێ سام بوون و بێ شکۆداربوونی ئازادی ڕادەربڕین کاردانەوەی خۆی لەسەر بەگەندەلبوونی نووسین و دروستبوونی نووسەر و خوێنەری گەندەل هەیە بەلام ئێمە دواتر دێینەوەسەر ئەم لایەنە ( لە زنجیرە باسی 6 بەناوی **دیاردەی بەڕۆژنامەوانیبوونی ڕۆشنبیری: تێکستی گەندەل**) و لێرە بەباشی دەزانین بێینە سەر پرسیاری ئەوەی چۆن نووسین سامدار یان هەیبەتدار دەبێ؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ حالیبوونمان لەبارەی ئەوەوە هەبێ کە پێوەندیێ ئینسانی نووسین بە نووسەر و خوێنەر دەبەستێتەوە. واتە نووسین کە بەری هزری نووسەرە شوێنیکیشە بۆ خوێنەر , یان بەکاربر , بۆ پراکتیزەکردنی ئەوی لەو ڕووەوە دەیزانێ و نایزانێ. واتە خوێنەر کە بەکاربری نووسینە لە هەلبژاردنی نووسین و فێربوون لەو نووسینەوە دەبێ شارەزا و بە ئەزموونبێ. چونکە خوێنەری نابینا (کوێر) و گەندەل چی بخەیتەبەردەست نالێ نەخێر و هەروەها ئەم جۆرە حوێنەرە بەگشت ئەو زانین و زانیارییانە ڕازییە لە نوسینێکا بەردەستیدەخرێ و, هەروەها ئەم جۆرە خوێنەرە نە توانای گولبژێریی هەیە و نەش ڕەتکردنەوە. لێرە بەکورتی دەمانەوێ بلێین بۆ ئەوەی نووسین سام دار بێ و شکۆی بۆ بگەڕێتەوە پێویستە خوێنەری نووسین بە غرورو و بە فیزبێ و بەگشت نووسینێ هەلنەپەڕێ و بۆ گشت نووسینێ زوڕنا لێنەدا. ئەم لایەنە, واتە باس لە خوێنەری گەندەل , کە پاشتر دێینەوە سەری لێرە بەوە کۆتاییپێدێنین کە نووسەری گەندەلیش , کە تێکستی گەندەل بەردەست خوێنەران دەخا, ئەلبەتە لەڕێگای ڕۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤار و مالپەڕە گەندەلەکانەوە, خوێنەر هزر داڕماو و سەرخۆش دەکا. کەواتە ئەوی نوسەری گەندەل لەو شوێنانە بەردەستی خوێنەرانی دەخا نووسین نییە بەلکو مەیکە بۆ سەرخۆشکردنی خوێنەر ئامادەکراوە. لەم حالەتەدا نووسین, یان تێکست, سفرەیێکە و بە عارەقی جۆراوجۆر ڕازاوەتەوە و خوێنەری پیێلە هۆش دەبرێ. ئەم لایەنە کە بەسوودی دەسەلاتی سیاسی و بازرگانە لادێیەکانی  کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس دەگەڕێتەوە فاکتەرێکیشە بۆ تێکدانی ئازادی ڕاستەقینە کە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل دوژمنایەتیدەکا. چونکە ئەو ئازادیەی کۆمەلگەی ناوبراو دۆستیەتی ئازادی بەشتکراوە  و , ئەمجۆرە ئازادیەش توانای گۆڕینی نیە و خۆی خۆی بەرهەمدێنێتەوە.

بۆئەوەی سێرکردنێ تارادەیێ ڕوونتریش لەسەر وەلامەکانی ئەو سێ پرسیارە بەردەست خوێنەر خەین, کە لایسەرەوە ڕووخران بەپێویستی دەزانین بلێین: مرۆڤ ناتوانی وەک نووسەر سام بۆ نووسینەکەی لەڕێگای شکانەوەی ئەویتر یان قێزەوەنکردنی ڕاستی شتەکان دابینکا بەلکو هیوایێ گەورە بۆ دابینکردنی سام لەبەردەم ئەو نووسینانە زۆرە کە ڕەخنەی بڕیار و ڕەفتاری سیاسی یان کۆمەلایەتی و ڕوناکبیرییە چەوت و هیچگەراکاندەکەن هەروەها هیوایێ تابلێ مەزن لەبەردەم ئەو دیتن و بیرکردنەوانە بۆ مسۆگەرکردنی سام لەئارادایە کە ئامانجیان گۆڕینی وێنە و بۆچوونی بێمانا و نادروستی سیاسی و یاسای و ئیداری ناو کۆمەلگەیە. ئەم لایەنەش والەئێمەدەکا بۆئەوەشبچین کە بۆچوون و تێگەیشتنی نووسین لای ئێمە باو نیە هەلگیرێتەوە. واتە بۆچوون و تێگەیشتنی نووسەر و ڕوناکبیران هەلناگیرێتەوە و هەروەها کاریشی پێناکرێ. ئەمەش کە کاتاستڕۆفی (بەلایێ) هزری و کۆمەلایەتی خستۆتەوە فاکتەرێ بنەڕەتیشە بۆ بێ سامکردنی نووسین یان ووتنی ڕوناکبیران. لەمڕووەوە دوو نموونەی زیندوو دێنینەوە یەکەم فوکۆ و مامەلەی دەسەلات لەتەک بۆچوونەکانی دا. بۆنموونە فەڕەنسیەکان کاتی خۆی , پاش بلاوبوونەوەی کتێبی ""پاسەوانی و چاودێری"" فوکۆ, گەلێ لایەنی تایبەت بە یاسای سزا و

بەندکردن و باری بەندیخانەکانیان لەسەر بناغەی توانج و دیتنەکانی فوکۆ گۆڕیێ. دووەمیش ئەوەی بەهۆی گفتوگۆی هەندێ لە فەیلەسوفانی فەڕەنسی لەسالانی ڕابردوو لەبارەی دۆزی ووتنەوەی فەلسەفە لە قووتابخانەکان گۆڕانێ زۆرهاتە سەر وانە ووتنەوە و هەروەها پەیڕەو و پرۆگرامی خوێندن لە سەرانسەری ولات. ئەم دوو نموونەیە مانای ئەوەیە لەلاێ دەسەلات دەزانێ و ئاگایلیێیە دەستەبژێر چیدەنووسێ و ئەمجار تاکی کۆمەلگەش , کە خوێنەری ئەو تێکستانەیە دەستەبژێر دەینووسێ, ئاگای و شارەزای لەسەر داوا و ویستەکانی دەستەبژێر هەیە. لەلایێتریش ئەو دەستەبژێرە, کە بەخۆیان بەشێکن لە تاکەکانی ناو کۆمەل , زەرەرمەنددەبن گەر ئەو کەموکوڕیانەی باسیلیوەدەکەن لەناو کۆمەلگە بێ چارەسەر بمێننەوە بۆیە ئەم دەستەبژێرە وەک نووسەر و ئەمجار وەک تاکی ئەو کۆمەلگەیە تاپیانکرێ بەرەنگاری کەموکوڕیەکان دەبنەوە. بەلام ئەم هاوکێشەیە لای ئێمە بەوجۆرە نییە و شتێ سەرلەبەر جیایە. چونکە ئەوەی وادەکا ئێمە بەمجۆرە بیرکەینەوە ئەوەیە کە تاکی کۆمەلگەی ئێمە هوشیاری لەسەر ویست و داواکانی خۆی نیە و دەستەبژێریش هەروەک دەسەلات لە هەوای خۆیدایە و لە خەونی دروستکردنی قەراڵستانی (ئیمپراتۆریەتی) خۆیەتی. ئەمەش وادەکا لەلاێ تاک حورمەتی بۆ ووتن و تەماشاکردنەکانی دەستەبژێری کۆمەلگەکەی خۆی نەبێ و لەلایێتریش ڕۆشنبیریش ئەو هێز و کاریگەریەی لەناو کۆمەلگەدا دیار و بەرچاوی نییە. دەسەلاتیش کە لەمە بەئاگایە لە تاکی کۆمەلگە زیاتر کار بۆ بێسامکردن و بێ هەیبەتکردنی ئەو شتانە دەکا دەستەبژێر گوزارەی لێوەدەکا. ئەلبەتە ئاڕاستەی هیچگەرای جارجارەی ئەم دەستەبژێرەش لەسەرێترەوە بەزیانی ئەوەدەکەوێتەوە کە نووسراوە یان ووتراوە. گەربشێ لێرە بەشێ لەو هیچگەرایە دەستنیشانکرێ ڕەنگە بۆ ئێمە ئەوە لەگشت شتێتر جێیسەرنجبێ کە نووسەری ئێمە زۆر بنووسە. مەبەستم نووسەری ئێمە, نووسەری کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس, بەردەوام دەنووسێ و لەگشت ڕوویێکیشەوە دەنووسێ. ماوەێ بابەتی سیاسی دەنووسێ و ماوەێتر بابەتی ئەدەبی, یان جارێ بە باسی فەلسەفیی لاپەڕە ڕەشدەکاتەوە و جارێتر بە باسی مێژوویی یان کۆمەلناسی. ئەم نووسەرە زۆربنووسانە کە لەهەموو بوارێک دا خۆیان قووتدەکەنەوە (وێژە, زمانەوانی , تیۆری سیاسی, مێژووی هزر, ... ) بەوە زۆرترین گالتە بە کردەی نووسین و سازاندنی وشە و واتا دەکەن. ئەم لایەنانەش تێکڕا کارێئەوتۆدەکەن نووسینی کوردی, یان بەگشتی مێدیای کوردی , کە زمانحالی نووسینی کوردیە , لەلاێ نەبێ بە مەترسی بەسەر هەلە و چەوتیەکانی دەسەلاتی سیاسی کوردییەوە و , لەلایێتریش بەسەر کەموکوڕییەکانی خودی وتاری ڕۆشنبیریشەوە. ئەمەش وەکیتر وادەکا ئەوەی پێیدەلێن گرفت لە کۆمەلگەدا هەروەک خۆی بمێنێتەوە, یان بڕیاری توند و نابەجێ لە توندی و نابەجێی خۆی نەکەوێ و, هەلسەوکەوت و ڕەفتاری ناسەلیم و بێفەڕی تاکەکانی کۆمەلگەش لەدەقی خۆی بمێنێتەوە و لەشوێنیخۆیا جامبێ. بەلگەش لەمڕووەوە زۆرە. لایخوارە کەمترینیان پۆلدەکەین:

* نووسینی کوردی نوێ, یان مێدیای ئازادی کوردی, کە بەری پاش ڕاپەڕینە بەهیجۆرێ ئەو گەندەلە ئیداریەی 17 سالە لە کوردستان لە نەشونمادایە لاواز و دەردەدار نەکردووە. گەندەلی هەروەک خۆی لە ژیانەوەدایە و تابشلێی لەشێ بەتەندروست و هزرێ بەهێزی هەیە. بۆیە بێمانا نییە بووترێ لەماوەی ئەو 17 سالە نووسین ,یان مێدیای کوردی , نەبۆتە هۆی دروستکردنی دۆزێ کەسێ سیاسی گەندەلباز تیایا بدرێتە دادگا و , یان لەڕێگای تێکست و بلاوکراوەوە پەردە لەسەر دزی و دەستدرێژیەکانی ئەوانە هەلنەمالراوە کە سامانی نەتەوە بەئارەزووی خۆیان بەکاردەبەن. تەنانەت نووسین یان مێدیا لەمڕووەوە نەیتوانیوە دادگاش بێدارکاتەوە. دادگا کە لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل سیستەمێ یاسای خێلەکی دەیباتە ڕێوە ناتوانێ ڕێنومای ڕاگەیاندنەکانکا بیرلەوەبکەنەوە خەتابارێ, کە سەر بە خێلێ سیاسی یان ئەدەبیە ,تاوانبارکەن.

* ڕوون نییە چەند نووسینی ڕۆژنامەوانی بووتە هۆی ڕاگرتنی تەوژمی ئافرەتکوشتن و لەکاروەستانی ئەو گاڵتەجاڕیانەی لەناو ماڵ و دەزگاکانی دەوڵەت بە ژیندەری مێ دەکرێ؟ دەزگا مەدەنیەکان کە دوژمنی هەرەگەورەی ئافرەتی کۆمەڵگەی گەندەڵ و کۆلاپسن لەبەرئەوەنیە کە ئەم دەزگایانە مەدەنین بەڵکو لەبەرئەوەیە کە مەدەنیەتەکەیان تەنیا لەسەر ئەو لافیتەیە کاردەکا کە بەسەر بینایەی دەزگاکانەوەیە.

* کامە ڕۆژنامە و کامە نووسین بووەهۆی ئەوەی سەرۆک حیزێ کوردی واڵێکا داوای لێبووردن لە زۆرینەی خەڵک بکا یان وا لە سەرۆک حیزبێ کوردی بکا خوانەخواستە لەبەر ئەو هەڵە یان لێدوانە سیاسییە بێمانایەی ئەنجامی داوە وازبێنێ؟ ئەمە کە نەکراوە لەبەرئەوەنیە هەڵەنەکراوە بەڵکو لەبەرئەوەیە هەستی وازهێنان لە کاری سیاسی یان کشانەوە لە دەسەڵات و وازهێنان لە ڕابەرایەتی و ڕێگا چۆڵکردن بۆ ئەویتری سیاسی لەناو ئێمە نەبووە بە دابوونەرێت و لەمڕووەشەوە نووسین ناکاریگەر و بێفەڕە..

ئەو سێ لایەنەی باسکرا دلۆپێکن لەو گەندەڵ و کۆلاپسەی لە کوردستان هەیە بەڵام بەڕاستی هیوای ئەوەدەکرا نووسین لەوڕووەوە بتوانێ شتێبکا کە حەیف بێ سامی نووسین و ووتن , بێ شکۆی دیتنی دەستەبژێری ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵ, ئەو هیوایەی ناشت. هۆیئەمە هەرئەوەنیە کە هزر تیژ و بیر خاوێن لە کۆمەڵگەی ناوبراو کەم و دەگمەنە بەڵکو ئەوەشە کە ئەو ئازادی ڕادەربڕینەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵی ئەمڕۆی کوردستانا هەیە , کە بەرهەمی ئازادیێ سێستەماتیک و مەدەنی نییە, بووە بە باشترین سەکۆ بۆ لاوازکردنی ووتن و نووسینەکانی ئەو دەستەبژێرە. لەوە وێرانتر ئەوەیە , کاتێ تاکە سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگەی ناوبراو دەبینن ئەو ڕوناکبیرەی واخەریک بوو دەبوو بەقارەمان ئێستا بە بردنەڕێوەی گۆڤارێ یان سەنتەرێ یانیش بەنووسینی تێکستی ڕەوانبێژی ئامێزەوە سەرقاڵە نە ئەو ترسەیان لەم جۆرە ڕوناکبیرانە هەیە و نەش ووتنەکانی ئەم ڕوناکبیرانە بە بەهادار دەزانن. کەواتە بۆ دەبێ تاکە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ و کۆلاپس لە دەستەبژێری ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی ناوبراو بترسن؟ بەباوەڕی ئێمە تاکە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی ناوبراو نەک هەر لەم جۆرە ڕوناکبیرانە ناترسن بەڵکو تاکە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ و کۆلاپساوی کوردستانی ئەمڕۆ زۆر ڕۆشنبیر ناسیشن. ئەوەش کە وایکردووە سیاسی کۆمەڵگەی گەندەڵ ڕۆشنبیرناس بێ بۆ ئازایەتی سیاسی کۆمەڵگەی ناوبراو ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ لاوازی و هیچگەرایی خودی ڕۆشنبیری ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دەگەڕێتەوە. بۆیە بێسوود نییە گەر لێرە بپرسین کوان ئەو نەختە نووسەرانەی لە ناوەندی 1980 کانا لە هەندەران بە دەرکردنی گۆڤاری ڕەخنەی توند و جارجارەش بیرۆکەی سەیر سەیری ئایدیۆلۆژیەوە سەرگەرمبوون؟ بەدڵنیایەوە ئەوانە وائێستا لەسەر زێدی باوباپیرانیان کاری ڕۆشنبیری دەکەن و شەونخوونی بەدیار ئایندەی ڕەوانبێژی کوردیەوە دەکەن. ئەمانە خەمی ئەوە دایگرتوون کە باری زمانەوانی وتاری ڕۆشنبیری کوردی کەلاوەئاسایە و ئەمەش وادەکا ئەمانە بەوجۆرەی ئەمڕۆ هەن پێویست بن و ئەندازیاری ئەو بوارەشبن. واتە شەقی زەمانە ئەمانەی لە شۆڕشگێڕەوە کرد بە زمانەوان و نووسەری پەنجەرەی کورت کورت لەم ڕۆژنامە و لەو هەفتەنامە.

بەڵام هۆی سەرەکی ئەوەی سیاسی کورد ئامادەنیە شوێنەکەی بەویتر بدا , کە لایسەرەوە دەستیبۆدرێژکرا, دوو شتە: یەکەم هەستی ڕقەبەرایەتی. ئەمەش وایکردووە سیاسی کورد نەک تەنیا کۆمەڵگە بە بچووک بزانێ بەڵکو ئەوی بەرامبەریشی بە بچووک و ناکاریگەر بزانێ بۆیە پێیانوایە بەرامبەرەکەیان شایانی ئەوە نین کۆمەڵگە ببەنەڕێوە. دووەمیش ئەوەیە کە زۆربەی سەرانی سیاسی کوردی یان هیچ نەبێ ئەو چەند کەسەی ساڵهایە سیاسەتکارن باوەڕیان بەو دیتنەیە کە گوایە گەر بێت و ئەوان واز لە سیاسەتکردن بێنن ئەوا ماڵی سیاسی کورد هەتیوبار دەبێ و تاکی کورد سەرگەردان و سەرەڕۆ دەبێ. کەواتە بەپێی ئەم گریمانە بێ گەر ئەمان سیاسەتنەکەن

و ڕابەر نەبن""مەڕەکان گورگ دەیخوا"". بەلام ئایا وایە؟ بەدلنیایەوە وانیە مەگەر ئەمە تەنیا لەو شوێن و ولاتانە وابێ کە دەسەلاتی سیاسی کورد لاسایدەکاتەوە. مەبەستمان ئەو شوێنانەی کە ئەوی پێیدەلێن تاکی کۆمەل یان هاولاتی هیچ مانایێکی بۆ دەسەلاتی سیاسی نییە, بۆ نموونە ولاتانی جیهانی عەرەبی یان دراوسێکانی کورد.

لایسەرەوە ویستمان دژی ئەوەش بوەستینەوە نووسین لە گشت کۆمەلگەکانی سەر زەوی بێ سام و بێ هەیبەت نییە و بگرە ئەمە تەنیا لەو شوێن ناوچانە بەوجۆرەیە تاکی ڕۆشنبیر, کە بەرهەمهێنەری نووسینە, ڕۆلی لە تاکی سیاسی کەمتر نییە لەڕووی تێکدان و شێواندنی واتای ئەوی دەووترێ و ئەوی دەشنووسرێ. ڕەنگیشە بەشێ لە خوێنەرانی ئەم چەند دێرە پێیانوابێ تێکچوون و بێهەیبەتبوونی واتای نووسین مەسەلەیێکی جیهانییە و پێوەندیێ زۆریشی بە دیاردەی گەشەی تەکنیکی نوێ و بەدیگیتالبوونی ژیانی تاکەوە هەیە خۆی ئەمە گریمانێ گفتوگۆئامێزە بەلام بەوجۆرەش نییە کە هەندێ لایئێمە لێیحالیبووە. چونکە تاهەنووکە ڕوون نیە مرۆڤی تازەی ئەم سەردەمە لەتوانایابێ پشت لە کردەی نووسین بکا. بەواتایێتر, نووسین خەریکە چێژ و ماهیەتی ڕاستەقینەی خۆی لەدەستدەدا و گۆڕانی تەکنیکی و زانستی نوێش کارێ ئەوتۆیکردووە شێوەی بلاوکردنەوە و پەخشکردنی گۆڕیووە بەلام ئەم گۆڕانە نووسینی نەمراندووە. وەکیتریش بەشێ زۆر وابۆدەچن کە هەموو ڕۆژێ نووسین لێرە و لەوێ خۆی وەک شتێ پێویست و گرینگ نیشاندەدا و نووسین تاکە شتێکە دەتوانێ زانیاریێ تازە و بەردەوامەمان پێبگەیێنێ. واتە تەکنیک کە بەرهەمی نووسینە ئاڕاستەی نووسینی گۆڕیووە بەلام خۆشبەختانە نەی کوشتووە. چونکە کۆمەلگەی مرۆڤایەتی هەنووکە ئەوەیلا چاک ڕوونە تەنیا لەڕێگای نووسینەوە دەتوانێ زانین و ڕۆشنای لەسەر گشت کردە و ڕووداو و دۆزە جیاکان پەیداکا بۆیە نووسین تائەودەمەی مرۆڤایەتی هەناسەدەدا لە برە و بزووتن ناشێ بکەوێ. کەواتە ئەوەی نووسین لە گشت شوێنێ لەم جیهانە بێسام و بێ هەیبەتە ئەمە هێپۆتێزێ (گریمانێ) هەلە و لاوازە. دەلیلیشمان لەسەر ئەوە زۆر شتە بۆنموونە سالانێ باس لە مەرگی سینەما دەکرا بەلام وانیە و تائێستاش گەورەترین ڕووداوی مێژووی و کولاپسی سیاسی و هەقایەتی ئەوینداری و بیماریەکانی تاکی هاوچەرخ لەڕێگای سینەماوە نیشاندەدرێن ئەمەش دەلیلێترە لەسەر بوونی ڕۆمانی مەزن و درۆی کۆتای ڕۆمان کە ماوەێ مێدیاکان بانگەشەیان بۆدەکرد ئەم دوو لایەنەش بەلگەن لەسەر بوونی بینەر و خوێنەری بێوێنە و چالاک. واتە دیسانەوە دێینەوە سەر هەقایەتی درۆی مەرگی خوێنەر یان بینەر وەکیتریش ئەم دوولایەنە بەلگەی بەرچاوین لەسەر مانەوەی نووسین و پێویستی بۆ نووسەر. بەلام ئەم مانەوەیە پاش تاقیکردنەوە و پشودانێ زۆر هاتۆتەدی. ڕاستە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گەلێ بەدی دەرهەق بە نووسین و نووسەران کراوە , هەر لە سوتاندنی نووسینەوە بگرە تادەگاتە ئەتکردن و لە سێدارەدانی نووسەران , بەلام دواتر دۆزەکە بەجۆرێتر کەوتۆتەوە و پەیکەر و خانە بۆ نووسەران دروستکراوە و ناویان لە شەقام و ڕێگاوبان و کتێبخانە و یانەکانی ڕۆشنبیریش نراوە. ئەمەش وایکردوە گەلێ لە نووسینی نوسەران تابلێی هەلگیرێنەوە و تابشلێی لەبواری کۆمەلایەتیشا کاریگەر و بزوێنەر بن. ئەی هەر نووسینی بەشێ لە نووسەران نەبوو تەماشاکردنیان بۆ : ئاژەل, دەوروبەر, , دەروون , خۆشەویستی , ژینگە و ئافرەت و کار و ماف گۆڕی؟ ئەم قسانەش ئەوەمان لا ڕوون و ڕاڤەکراودەکەن کە نووسین ناشێ بێ بەها و بێ هەیبەتکرێ گەر ئەمەش ڕوویدا دەبێ ژیرانە لە هۆکارەکانی ئەو ڕووداوە (ڕووداوی بێ هەیبەتبوونی نووسین) بگەین. ئەگەرنا ئەوە ئێمە بە بێهەیبەتبوونی ووتن و نووسین قایلین و ئەمەش لەخودیخۆیا کارێ زێدە هەلەیە گەر بە بێ هەیبەتبوونی ووتن و نووسین قایلبین.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەولایەنانەش کە لایسەرەوە ووترا ئەوەشدەلێین, ماوەێ لە ڕۆژئاوا باس لە مەرگی نووسەر یان نووسین دەکرا بەلام ئەم لایەنە بەباوەڕی ئێمە دەبێ وەک مەسەلەێ زۆر ڕۆژئاوای ببینرێ و بەو کولاپس و گەندەلە هزریە تێکەلنەکرێ لە هەندێ لە کۆمەلگەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا هەیە. چونکە دۆکترینی کۆتای نووسین لە کۆمەلگەکانی ڕۆژئاوا و بەبۆچوونی هەندێ لە بیرمەندانی , بۆنموونە ئەوەی **1960** کان و لە شوێنێ وەک

پاریس و لەسەردەستی بیریارانێ وەک پاش بنەماخوازەکان ,نە هەمان شتی لای ئێمە ختەوە و نەش پێوەندی بەو لایەنانەوە هەیە ئێمە لێرە باسیان دەکەین. چونکە کاتێ دەبینین لە کۆمەلگەیێ وەک کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپساوی ئەمرۆی کوردستان وشە و واتا بوونی خۆی لەدەستداوە و کار بە بۆچوون و دیتنی نووسین ناکرێ ئێمە ئەمە دەکەین بە تاوانێ و دەیخەینە ئەستۆی هەندێ کەس و لایەنەوە و نایبەستینەوە بە بۆچوونی تیۆریە فەلسەفی و قوتابخانە هزریەکانەوە. بۆ ئەوەی لەمرۆوشەوە شیکردنەوەێ بخەینە بەردەست لە هەندێ ووردەکاریەوە دەستپێدەکەین کە مانای خۆیانیان لەم حالەتەدا هەیە. کەواتە بۆئەوەی لە هۆکارەکانی بێ سامی نووسینی کوردی بکۆلینەوە, کە یەکێکە لە دیاردە بەرچاویەکانی کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپساوی ئەمرۆمان, پێویستە لەمرۆوەوە نووسەر و خوێنەری گەندەلی کوردی وەکیەک تاوانبارکەین. چونکە ئەو گەندەلستان و کۆلاپسەی سیاسی و بازرگانەکان لەم جۆرە کۆمەلگانە دروستیدەکەن نووسەر و خوێنەر, کە ئەمانە بەشێکن لە توێژی رۆشنبیری ئەم کۆمەلگەیە , گەندەلدەکەن. بۆئەومەبەستەش لەوێوە دستپێدەکەین کە خوێنەری کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بەگشتی تاکێ گەندەل و بێ فیزە. ئەم خوێنەرە کە حورمەتی رۆشنبیری و ئاستی بینین و دیتنی خۆیناگرێ رۆژانە چ نووسینی رزیو و ژەنگاوی هەیە دەیخوێنێتەوە. خوێنەری ناوبراو لەبەرئەوەی گومانی لە ئەزموون و شارەزای خۆی هەیە بە گشت تێگەیشتن و تەماشاکردنێکی ئەوی تر جۆشدادەمێنێ و دووچاریخورپەش دەبێ. هەروەها ئەم خوێنەرە لەبەرئەوەی توانای موحاسەبەکردنی سیاسی و رۆشنبیریی کۆمەلگەکەی خۆی نیە سەرخۆیگزکردوە و بریاریداوە ببێ بە غولامێکی هەتاهەتای ئەم گۆڤار و ئەو نووسەر, ئەم رۆژنامە و یان هەفتەنامە و ئەو رۆژنامەوان. خوێنەری گەندەل, کە خوێنەری کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپسە, توانای ئەوەی نیە نووسەرەکان پۆلکا و پێنووسەکانیش لێکجیاکاتەوە. خوێنەری کۆمەلگەی ناوبراو لەبەرئەوەی بەهەزارحال فریای بژێوی ژیانی رۆژانەی دەکەوێ ناتوانێ لەو گەندەلە رۆشنبیریە رۆژانەییە بگا کە بەشێ لە نووسەرانی کۆمەلگەی ناوبراو لەرێگای گرژانی واتا و زاراوەکانیانەوە دەیخەنەوە. بەکورتی خوێنەری کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل شانبەشانی نووسەر و سیاسیەکان لە بێ سامکردنی (بێ شکۆدارکردنی) نووسین بەشدارە. ئەم خوێنەرە گەندەلانەی کۆمەلگەی ناوبراو هەروەک پاساوانە لاتولووتەکانی سیاسیەکان لەشکرێکن لە چینی تەلتە کە جێی متمانە نین و تابلێی بێ بار و بێوەفاشن. خوێنەری گەندەل ئەو خوێنەرەیە کە نابینایە و گوێرایەلێ هەمیشەی نووسەرە گەندەلەکانە. خوێنەری گەندەل کە توانای سلەمینەوە و گومانی نییە بەگشت نووسینێ قایلدەبێ و ئامادەشە هەموو جۆرە نووسینێ بخوێنێتەوە. ئەو (واتە خوێنەری گەندەل) کە ئامادەیە هەرجارەو ببێ بە سەربازی نووسەرێ هیچی لەو سەربازە (پێشمەرگە) گەندەلە جیانیە کە هەرجارەو حیمایەی ئەم سیاسی و ئەو سیاسیە. ئەو نووسەرە گەندەلەش دلی بەمجۆرە خوێنەرانە خۆشە هیچی لەو سیاسییە گەندەلە جیانیە کە دلی بەو سەربازە بێ ئایندە و داماوانە خۆشە کە بارەگا و مالەکەی دەپارێزن. بۆیە نووسەر و خوێنەری گەندەل هەردوو بەجووتە بەرامبەر بە بێ سامی نوسینی کوردی بەرپرسیارن. واتە تاوانبارن بەرامبەر بە بێ بەهابوون و لەکەداربوونی وشە و واتا. واتە ئەم دوانە (نووسەر و خوێنەری گەندەل) بەهەردووکیانەوە بارێ ئەوتۆیان چێکردوە کە دید و تێگەیشتن نرخ و مانای نەمێنێ و بەهیچ شێوەیێکیش کارییپێنەکرێ. نووسەرانی گەندەل , یان بەشێ لەو نووسەرانەی لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ژەنگیانگرتووە , تەنیا خەیالیان لای بلاوکردنەوەیە ئەمەش بۆ دروستکردنی لەشکرێ لە خوێنەر. ئەم جۆرە نووسەرانە, کە وەک ئەو سیاسیانەوان بە ژمارەی سەربازەکانیان دەنازن, ئاگایان لەوەنیە چەند واژە و چەمکەکانیان هەلدەگیرێنەوە , یان چەند مانا و روانینەکانیان بەکاردەبرێن. بۆیە ئەم نووسەرە گەندەلانە لە نووسینێکەوە بۆ ئەوی تر گۆرانێ ئەوتۆ لە شێوازیان, لە گوزارەکردنەکانیان ناکەن. خوێنەرەکانیشیان نە دەرک بەوەدەکەن و نەش بە ویستەوە دەخوێننەوە. ئەلبەتە لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ئەوەی بۆ نووسەری گەندەلی ئەم کۆمەلگانە گرینگ نەبێ

خوێنەرە. یان خوێنەر ئەوەندە نرخی هەیە کە گوێڕایەڵ و بێدەنگ بێ. واتە, بۆ نووسەری گەندەل تەنیا ئەو خوێنەرە نرخی هەیە کە گوێڕایەلی دەجەل و هەقایەتە ڕۆمانسیەکانە و لە ئاست شێوازە ڕەوانبێژی و سوفستایەکانی نووسەرانی کۆمەلگەی گەندەل نقەیلەخۆی بڕیووە. بۆیە نووسەری گەندەل هەرئەوەندە ڕەخنەت لێگرت زۆرئاساییە , سیاسیە گەندەلەکانئاسا, پێتبلێ ""من نەبوومایە تۆ نەدەبووی"". بۆیە بەسەرهاتی نووسەری گەندەل هیچی لە بەسەرهاتی کەسی سیاسی کۆمەلگەی کۆلاگس و گەندەل جیاواز نییە. بۆنموونە سیاسیەکانی کۆمەلگەی ناوبراو بۆئەوەی کەس ڕەخنەی شێوازی سیاسییان نەکا و کەس پەی بە هەلە مێژووئامێزیو نا- هزریەکانیان نەبا ماوەی جاڕێ ڕەخنەی نووسینی ڕۆژنامەوانی دەکەن و ترسی خۆیان لەو ڕەوتە نیشان دەدەن کە نووسینی ڕۆژنامەوانی گرتویەتیەبەر. بەلام لەڕاستیدا وانیە. چونکە ئەوان ئەوەی حسێبی بۆنەکەن نووسینی ڕۆژنامەوانییە. ئەمەش بۆیە دەلێین چونکە سیاسیەکانی کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس لەبەرسایەی ئەو نووسینە ڕۆژنامەوانیانە کەمترین ڕەفتاری سیاسی یان بڕیاری سیاسی خۆیان نەگۆڕیووە. چونکە هەموو نووسینی ڕۆژنامەوانی بێتو باس لەوەبکا بۆ کابینەی حکومەتی کوردی لە 43 وەزیر دەبێ پێکبێ یان بۆ وەزارەتە حەساسەکان (داد, ئاسایش, مالیە یان داری) دەبێ زوو یەکنەگرنەوە سیاسیە گەندەلەکان وەک ئەوەی هیچنەووترابێ ڕەفتاردەکەن و لەبەرڕۆشنای ئەو توانجانەی ئەو نووسینانە دەیگرن واز لە هیچ جۆرە تێگەیشتن و بیرکردنەوەێ سیاسی و ئیداریی هەلەئامێزی خۆیان ناهێنن کە سالەهایە خویانپێوەگرتووە. سیاسیەگەندەلەکانی کورد کە, وەک خودی نووسەر و خوێنەرە گەندەلەکانی کورد , لە بێ بەهاکردن و بێ شەهامەتکردنی ووتن و نووسینی کوردی بەرپرسیارن لەو گەندەل و کۆلاپسەش بەرپرسیارن ڕۆشنبیری کوردی بەگشتی تێیکەوتووە. ئێمە هەلەناکەین گەربلێن وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕەنگە یەکێ بێ لەو وەزارەتانەی زۆرترین خەرجی هەیە. ئەم لایەنە , واتە پارە هەلڕشتن بۆ وەزارەتی ڕۆشتبیری, هەروەها بەکاربردنی ئەو پارەیەش بەجۆرێ نابینا و هەڕەمەکی نە خزمەتی کولتووری کوردی بەجۆرێ مۆدێرن دەکا و نەش ئەو گەندەلیە هزریە چارەسەردەکا ڕۆشنبیری کورد پێوەیگلاوە. بەلکو لەلاێ ئەم ڕەفتارە زیان لە ئابووری کورد و سامانی نەتەوە دەدا و لەلایێتریش مشەخۆری ڕۆشنبیری و تەلتە نووسەر و بۆرە خوێنەر دروستدەکا. ئەو دەمەش کە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەمشێوەیە کاردەکا زۆرترین مانای بۆ گەندەلی ڕۆشنبیری دەبێ و هەروەها ئەوەی پێشیدەووترێ کردەی نووسین لەژێرسایەی ئەم سیاسەتە گەندەلە دووچاری دارمان و بێ شکۆداری دەبێ. ئێمە دەزانین و چاکیش لەوە حالیبووینە لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل دا بایەخێ زۆر بە کاری نووسین بە تایبەت و کاری ڕۆشنبیری (هونەر, شانۆ, سینەما و ...هتد) دەدرێ بەلام ئەم بوارانە لەژێرسایەی ئەو سیاسەتە گەندەلەی هەیە بێ هزری و نا- ڕوناکبیری بەرهەمدێنێ. چونکە چ نووسەر و چش خوێنەر, چ بینەر و چش دەرهێنەر, لەسەر پیشەسازیێ خۆیانڕاهێناوە ناوی نووسینە بەلام بەخۆی ئەم جۆرە نووسینە نووسینێ بێ سامە (دەرهێنانی بەرهەمی بێ شکۆیە). ئەمەو نووسەر یان ڕۆشنبیرانی کۆمەلگەی گەندەلیش چاک لەوە گەیشتوون کە وەزارەتی ڕۆشنبیری پارەێ باشی لەبەردەستە بۆیە دینی نووسەرانی کۆمەلگەی گەندەل بووە بە تێکست نووسین. وەزارەتی ڕۆشنبیریش وەک ئامرازێکی ئەو دەسەلاتە سیاسیە گەندەلە بۆئەوەی لایەنی نەتەوەی و مرۆی خۆینیشاندا خەریکی هەلڕشتنی پارەیە بۆ: نووسەران, بۆ دەزگاکانی چاپ و پەخش و بلاوکردنەوە یانیش بۆ دروستکردنی سەنتەر و ڤستیڤالی جۆراوجۆر و نێوەندی ڕاگەیاندن و بالاخانەی سەیرسەیری ڕوناکبیری ...هتد, کە هەرهەموو ئەمانەش زۆرجار زانینێ گەندەل و کۆلاپساوی دێننەدەر و سەرجەم یەک ئامانجیش دەپێکن کە بریتییە لە لەخۆڕافەوتاندنی داهاتی نەتەوە, ئەو شتەی کە بابەتی گفتووگۆی کەس نییە.